# شەوێك تەنیاترلە جاران

**جەمال نەجاری**

**ئەو شەوە بارانێکی توونд باری، چەن کاتژمێرێك بوو کە پەیتا پەیتا دەباری، دەنگی هەورە بریسکەش یەك بە دوای یەك بێدەنگی شەوەکەی دەشکاند.لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبوو، لە پشت شوشە هەڵماوییەکە سەیری ناو کۆڵانی دەکرد.**

**با لە دەرەوە دەهات و دەچوو.دارەکانی ناو کۆڵان بە موسیقای با لە ژێر بارانەکە سەمایان دەکرد.دوێنێ لە ناوەراستی کۆڵانەکە کاتێ لە بازاڕ دەگەڕاوە ماڵ، لەگەڵیا بەرەو ڕوو ببۆوە، چاوی لە ناو چاوی بڕیبوو، بزەیەکی نەرم لەسەر لێوەکانی چەقی بەستبوو، چارە نووس وابوو هیچیان هیچ نەدرکێنن.**

**بە دەنگی هەورە بریسکە  وەهۆش هاتەوە، سەیرێکی تری ناو کۆڵانەکەی کرد، نیگای تا کۆتایی کۆڵانەکە رۆیشت، کەس لە دەرەوە نەبوو.**

**جاری یەکەم نەبوو کە ئەوی دەبینی، چەن رۆژێك لەمەوبەر یارمەتی دابوو تا بەرمیلە نەوتەکەی ناو کۆڵانی بۆ بباتە ناو حەسار، ئەو کات هەستی کردبوو کە وەك خۆی تاك و تەنیا دەژی.**

**کەتری سەر سۆپاکە ئەوەندە کوڵیبوو تاقەتی نەمابوو،دەنگی هەموو ژوورەکەی پڕ کردبوو.ئەمجارەیان با بە توندی خۆی بە دەرگا و پەنجەرەکە دادا،شتێکی وا نەمابوو کە لە جێوە هەڵیانکەنێ.**

**پاڵێکی بەهێزی بە پەنجەرەکەوە نا و لە پشتەوەە توونд قایمی کرد.لە پشت پەنجەرەکە کشایەوە و بەناو ژوورەکەی خۆیدا خولێکی خوارد و چووە بەر ئاوێنەی سەر تاقەکە و بەرانبەر بە وێنەکە وەستا،چاوی لە ئاوێنەکە بڕی،ئێستا دوو وێنە لەسەر تاقەکە داندرابوو،ئەمجارەیان گەرایەوە و سەیرێکی ئاسمانی کرد،چاوەکانی کە چەن شەوێك بوو خەویان لێنکەوتبوو بە ئارامی کەوتنە سەر یەك،بیری لای تەلەفوونەکە بوو.**

**ئەو شەوە چەن جارێك بوو کە پەیتا پەیتا رەقەمەکەی گرتبوو،بەڵام کە دەگەیشتە رەقەمی کۆتایی تەلەفوونەکەی دادەناوە،پێدەچوو شەرمی لە چاوی وێنەکەی سەر تاقەکە دەکرد،چەن ساڵێك بوو سەیری ئاوێنەی نەکردبوو،سەری لە بینینی رووخساری سووڕمابوو.دووبارە سەیرێکی ئاوێنەکەی کرد،ئاسمانی چاوەکانی بوو بە هەورە بریسکە و دەستی بە بارین کرد،لە دەرەوە باران بەخوڕتر دەباری ....**

**ئەمرۆ نیوەڕۆ بوو کە هاتە بەر دەرگا و قاپێکی پڕ لە ئاشی بە دەستەوە بوو،خوا دەزانێ کە چەندە لەبەر دەرگا چاوەڕوان ما تا جوانترین جلی لەبەر بکا و خۆشترین بۆنی لە خۆی بدا و بێتە بەر دەرگا وقاپە ئاشەکە وەربگرێت و هەر لەو ماوە کورتە دا سەیری ئەو چەند تاڵە موویەی  سەری بکا کە بەسەر رووخساریدا جۆلانەیان دەکرد،بە شەروەوە پێی وت:دەستان..... خۆش.....بێت.ئەویش بە بزەیەك ماڵئاویی کرد و گەڕایەوە بۆ ماڵ.**

**دڵۆپە فرمێسکێك هێدی هێدی بەسەر گۆناکانی دەهاتە خوارەوە و دەکەوتە سەر جلە تازەکانی،فرمێسکەکانی سڕییەوە،سەیری قاپە بەتاڵەکەی تەنیشت وێنەکەی کرد کە لقێکی گوڵی سووری لەناو دانابوو.**

**سەیری وێنەکەشی کرد،5 ساڵێك دەبوو کە بەتەنیا مابۆوە،هەستی دەکرد هەر دوێنێ بوو،گۆرستان و چلە و شیوەن و ڕۆڕۆ....**

**کچەکەشی چەن ساڵێك بوو لە هەندەران ژیانی بەسەر دەبرد،هەر لەوێ مێردی کردبوو،تەنانەت بۆ پرسەی دایکیشی نەگەڕابۆوە.**

**بە ئارامی دەستی بۆ تەلەفوونەکە برد،رەقەمەکەی لێدا ،زەنگی تەلەفوونەکە هات،یەك بە دوای یەك ............**

**دەنگێکی ماندوو لەوبەرەوە وەڵامی دایەوە:فەرموون....ئەلۆ......فەرموون.....**

دڵی توند لێدەدا،نەیدەتوانی هیچ بڵێت،ئەوەندە چاوەڕوان ما تا پەیوەندییەکە پچڕا،ئەمجارەیان جورئەتی ئەوەی نەبوو سەیری وێنەکە بکات،لە تاقەکە دوور بۆوە،باران بە ئارامی دەباری،هەورە بریسکەش تەواو ببوو.

ماوەیەك بوو ماڵی هاتبوو ئەم گەڕەکە،خانووەکەی لە کۆتایی کۆلانەکە بوو،لە پشت پەنجەرەکەی ڕا بە جوانی دیار بوو،ئێوارانە کە دڵی دەگیرا لە پشت پەنجەرەکە دادەنیشت و چاوەڕیی دەکرد تا لە ماڵەوە بێتە دەرەوە.

دوایین جار کە بینیبووی چارشێوێکی سپی گوڵ گوڵی بەسەرەوە بوو.

گەرایەوە ،دەستی بۆ تەلەفوونەکە برد،ڕەقەمەکەی تا کۆتایی لێدا،دەنگی تەلەفوونەکە بێدەنگی ژوورەکەی شکاند،دەنگێك بە ئارامی وەڵامی دایەوە:ئەلۆ.......فەرموون......بۆقسە ناکەن....ئەلۆ.....

بە دڵەکوتەوە و بە پچڕپچڕی گوتی:ئەلۆ......سلاو....ببوورن......کاتتان دەگرم..... باشن؟

ولامی دایەوە ئەلۆ . . . . فەرموون ئێوەن؟.... باشم ، سپاس.

بە ترسەوە وتی ویستم بپرسم دەتوانم سبەی بێم بۆ خوازبێنیتان؟

هەموو ژوورەکە پڕبوو لە بێدەنگی تەنیا گوێی لە لێدانی دڵی خۆی بوو.

بە ئارامی ولامی داوە بە.... خێر...بێن.... ماڵی..... خۆتانە.

بە ئارامی تەلەفۆنەکەی داناوە. سەیری وێنەکەی سەر تاقەکەی کرد کە بزەیەکی ناسکی لەسەر لێو بوو. گوڵەکەی ناو قابەکەش لەسەر تاقەکە بەئارامی سەمای دەکرد.

2008/1/20